# پارت و چینی کارگەر

نوسینی: پاول ماتیک
و. لە فارسییەوە: هەژێن
hezhean@spymac.com

سونەتی ئێمە لەمەڕ لابردنی ناو بووەتە هۆی لێکتێکچوون. وتاری "پارت و چینی کارگەر " کە پاش بڵاوبوونەوە لە بڵاوکراوەی "نامە سۆڤیەتییەکان*" لە ڕێگەی APDF** سەرلەنوێ چاپکرایەوە و لەلایەن **فرانک میتلاند** وە لە بڵاوکراوەی "هاوپشتی" ( ژمارە ٣٤ – ٣٦) درایە بەر باس، لەلایەن ئانتۆن پانەکۆک وە نوسرا بوو. ئەمەی دوایی لە بارێکدا نییە کە وەڵام بە ڕەخنەکەی میتلاند بداتەوە، ئەوەی کە بەشێوەیەک بەرامبەر بە ناوەڕۆکی "نامە سۆڤیەتییەکان" لێپرسراوم، هەوڵدەدەم وەڵام بە هەندێ لە پرسیارەکانی میتلاند بدەمەوە.

تەنیا بەشێوەیەکی دیار لەپەیوەند بە هەلومەرجە مێژووییە دیاریکراوکانەوە، دەکرێ بچیتە سەر پرسگەلی پێشنیارکراو نەک بەشێوەیەکی دابڕاو و بە دەستەواژەی گشتی. کاتێک کە پانەکۆک وتی "باوەڕ بە پارتەکان" هۆی سەرەکی نەزۆکبوونی چینی کارگەرە، لەبارەی پارتگەلێکەوە دوا کە لە ئارادا بوون. ئاشکرایە کە پارتەکان نە خزمەتیان بە چینی کارگەر کردووە، نە ئامرازێکیش بوون بۆ کۆتاییهێنان بە حکومەتی چینایەتی. لە ڕوسیە، پارت بوو بە دەزگەیەکی تازەی حکومەتی و بەهرەکێش. لە ئەوروپای ڕۆژئاوایی، پارتەکان بە هۆی فاشیزمەوە لەنێوبراون و بەم پێیە بەخۆیان سەلماندویانە کە بۆ ڕزگاری کارگەران یا هەڵکشانی خۆیان تا دەسەڵات بێتوانان. ( ناتوانرێ پارتە فاشیستەکان بە ئامرازی پێشنیارکراو بۆ کۆتایی بەهرەکێشی دابنرێن) لە ئەمریکا پارتەکان نەک لە خزمەت کارگەران بەڵکو لەخزمەت سەرمایەداراندان. پارتەکان هەر جۆرە کارکردێکیان بەکارهێنابێ، بەڵام هیچکام پەیوەندییان بە پێداویستییە واقیعیەکانی کارگەرانەوە نەبووە.

میتلاند ئەم واقیعیەتە ناداتە بەرباس. وەک مەسیحییەکان بەم دەربڕینەی کە مەسیحیەت هیچکات بە شێوەیەکی پەیگیرانە بەکارنەهاتووە، ڕەخنە ڕەتدەکەنەوە. میتلاند باسی ئەوە دەکا کە "پرسی هەڵبژاردنی پارت یا نا بۆ پارت نییە، بەڵکو جۆری پارتە". تەنانەت ئەگەر تائێستا گشت پارتەکان شکستیان خواردبێ، ئەو وا بیردەکاتەوە کە ئەو هەمووە ئەوە ناسەلمێنن کە پارتی نوێ، "دەرکی پارتیانەی" ئەویش شکست دەخوات. ڕۆشنە کە ناتوانێ "دەرکێکی پارتیانە" تەنیا لەبەر شکستی پارتە واقیعیەکان شکست بخوات. بەڵام لەو بارەدا "دەرکەکان" گرنگیان نییە. پارتێک کە ئەو باسی لێوەدەکات بوونی نییە. دەبێت باسەکانی لە کرداردا بسەلمێنێت؛ بەڵام وەها کردارێک لە ئارادا نییە. گشت ئەو پارتانەی کە تا هەنووکە کرداریان هەبووە، بە دەرکی **میتلاندی** پارت دەبێت چی بێت دەستیان پێکردووە. ئەمە ئەوانی بەدرێژایی مێژوویان لە دواکەوتەیی بەرامبەر بەو دەرکەیان نەگێڕایە دواوە.

بۆ نمونە، پارتێک کە "لینین هەوڵیدا تا پێکیبهێنێت" و پارتێک کە ئەو لە واقیعدا دروستیکرد، دوو شتی جیاواز بوون، لەبەر ئەوەی کە لینین و پارتەکەی تەنیا بەشێک لە مێژوو بوون؛ نەیاندەتوانی مێژوو بۆ بەرەولای دەرکەکانی خۆیان ڕاکێش بکەن. لە کۆمەڵگەدا بێجگە لە دەرکەکان هێزیتر هەن کە ڕووداوەکان پێکدێنن. بۆی هەیە میتلاند لە وتنی ئەمەدا کە " شکستی هەنووکەیی کۆمینتێرن، نیشاندەری ئەوە نییە کە دەرکی لینین بۆ پارت هەڵەبێ" ڕاست بکات، بەڵام ئەگەر بە بۆچونی میتلاند و پێداویستییەکانی چینی کارگەر نێونەتەوەیی هەڵسەنگێنرێت،

تێشکان بە شێوەیەکی بێ ئەملاوئەولا نێشاندەدات کە سەربەخۆ لە دەرکی لینین، بەڕاستی پارت "نادروست" بووە.

میتلاند لەو باوەڕەدایە کە پارت "داهێنراوێکی مێژوویيە کە ناتوانرێت وهلانرێت". مەخابن کە لە ڕابوردوودا ئەمە دروست بوو. بەڵام مێژوو هەروا نیشانیداوە کە پارتەکان لەوەی کە بڕیار بوو ببن نەبوون. ئەوان داهێنراوی مێژووی سەرمایەداری لیبرالن، لەم چوارچێوە تایبەتەدا - بۆ ماوەیەک - بەڵام تەنیا بە شێوەیەکی لاوەکی خزمەتیان بە نیازەکانی کارگەران کردووە. بەگشتی خەریکی پێکەوەنانی بەرژەوەندی گروپی و نفوزی کۆمەڵایەتی پارت بوون. بوونە دەزگەی کاپتالیستی، کە لە بەهرەکێشی کاردا بەشداریان کردو دژی گروپە کاپیتالیستییەکانیتر بۆ کۆنترۆڵی گونجاوی دەسەڵات خەباتیان کرد. بەهۆی هەلومەرجی گشتی قەیران، کەڵەکەبوونی سەرمایە و نێوەندیبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی، دەزگەی دەوڵەتی، بووە گرنگترین ناوەندی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. پارتێک کە دەسەڵاتی کۆنترۆل دەکرد - بە شێوەیەکی یاسایی یا نایاسایی- دەیتوانی خۆی بگۆڕێ بە چینی سەروەری نوێ. ئەمە شتێکە کە پارتەکان ئەنجامیانداوە یا هەوڵیانداوە کە ئەنجامی بدەن. لە هەر جێیەک کە پارت سەرکەوت، خزمەتی بە کارگەران نەکرد. ڕێک پێچەوانەی ئەوە هاتە پێشەوە : کارگەران خزمەتیان بە پارت کرد. سەرمایەداریش "داهێنراوێکی مێژوویيە". گەر " نەتوانرێت پارت وەلانرێت لەبەر ئەوەی کە "داهێنراوێکی مێژوویيە"، میتلاند چۆن سەرمایەداری کە هەنووکە لەگەڵ دەوڵەتی تاک پارتی وەک یەکن، لەنێو دەبات؟ لە دونیای واقیعیدا دەبێت هەردووکیان "وەلانرێن"؛ ئەوڕۆکە کۆتایهێنان بە سەرمایەداری، کۆتاییهێنان بە پارتی لە خۆگرتووە.

بۆ میتلاند "دەبێت پارت دەزگەی مادی پەیوەستکردنی کەمایەتی هوشیار لەگەڵ جەماوەری نا هوشیار بێت". بەڵام جەماوەری ناهوشیارە، لەبەر ئەوەی کە بێدەسەڵاتە. کەمایەتی " هوشیار" ناتوانێت یەکێکیان بەبێ گۆڕانی ئەوی‌تر بگۆڕێت. ناتوانێت "هوشیاری" بەرێتە نێو جەماوەر مەگەر ئەوەی کە دەسەڵاتیشیان بۆ بەرێت. ئەگەر هوشیاری و دەسەلات پەیوەندیان بە پارتەوە هەبێ، تێکڕای پرسی خەباتی چینایەتی کارەکتەرێکی مەزهەبی لە خۆ دەگرێ. ئەگەر کەسانێک کە پارت دادەمەزرێنن، کەسانی "باش" بن، هوشیاری و دەسەڵات دەدەنە جەماوەر؛ ئەگەر ئەوان کەسانێکی "خراپ" بن، لە هەردووکی پەشیمان دەبنەوە. لێرەدا بەهیچ شێوەیەک پرسی "پەیوەستدان" لە ئارادا نییە، بەڵکو تەنیا پرسی "مۆراڵ" پێشنیارکراوە. بەپێی ئەمە ئێمە نەک تەنیا دەبێت بە چەمکگەلی ڕووتی وەک دەبێ پارت چۆن بێ، بەڵکو دەبێت متمانە بە نیازچاکی مرۆڤەکان ببەستین. بەکورتی، دەبێت ئێمە متمانە بە ڕابەرانی خۆمان بکەیین. پارتەکان ئەوەی کە دەتوانن بیدەن، هەرواش دەتوانن بیسێننەوە. لەژێر بارودۆخێکدا کە هەن، "هوشیاری" کەمایەتی یا بێمانایە یا پەیوەندی بە پێگەیەکی دەسەلات لە کۆمەڵدا هەیە. گەشەپێدانی "هوشیاری"، لەم ڕووەوە، گەشەدانە بە دەسەڵاتی گروپێک کە ڕایدەکێشێ. هیچ "پەیوەستدانێک" لەنێوان "ڕابەران" و "ڕابەرایەتی کراوان" ڕوونادات؛ بەڵام لەبری ئەوە، کەلێنی نێوانیان بەردەوام قوڵتر دەبێت. گروپی هوشیار بەرگری لە پێگەی خۆی وەک گروپی هوشیار دەکات، بەرگری لەم پێگەیە دەتوانێت تەنیا لەبەرامبەر جەماوەری "ناهوشیار"دا بیکات. "پێکهاتەی" کەمایەتی هوشیار و جەماوەری ناهوشیار تەنیا پیاهەڵدانی بەهرەکێشی زۆرینەیە لەلایەن کەمینەوە، بە دەنگێکی دڵگیرتر.

ئەم واقیعیەتەی کە میتلاند بۆ پارت وەک "ئامرازێکی مادی" کە بیرکردنەوە و کارکرد هاوئاهەنگ دەکات دەنوارێت، دەریدەخات کە بیرکردنەوەی ئەو هێشتاکە لە ڕابوردوودایە. لەبەر ئەم هۆیەیە کە بەرگری لە پارتی داهاتوو دەکات. لەم نێوەدا، سەردەمێک کە دەزگەی مادی ( کۆبوونەوە، بڵاوکراوە، پەرتوک، سینەما و هیتر) کە ئەو باسی لێوەدەکات کە

لەبەردەستی پارتەکاندا بێ بەوجۆرەی کە میتلاند لە هۆشیدایە، کۆتایی پێهاتووە. سەردەمی پەرەسەندنی سەرمایەداری کە پارتەکان وەک هەر کەسب و کارێکی‌تر گەشە بکەن، ئامرازەکانی پاگەندەکردن بەخۆیانەوە پەیوەند بدەن و لە سودی خۆیان بەکاریان بهێنن، کۆتاییهاتووە. لە کۆمەڵگەی ئەورۆکەدا، پەرەسەندنی ڕێکخستنە کارگەرییەکان چیتر ناتوانێ لە ڕێڕەوە سونەتییەکانەوە بگیرێتەبەر. پارتێك کە "هوشیاری چینایەتی لەناو جەماوەردا گەشە پێبدات" چیتر ناتوانرێت سەرهەڵدات. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن نێوەندی بوونەتەوە و لە خزمەتی دەستبەسەرداگرتنی پارتە فەرمانڕەواکان یا چینی سەروەردایە. ناتوانرێت بۆ چەککردنی پارتەکان یا چینی سەروەر سودیان لێوەرگیرێت. گەر کارگەران نەتوانن پەرە بە شێوازەکانی خەباتیان لەدەرەوەی کۆنترۆڵی گروپە سەروەرەکانەوە بدەن، ناتوانن خۆیان ڕزگار بکەن. پارت چەکێک نییە دژی چینە سەروەرەکان؛ ئەوان تەنانەت لە کۆمەڵگە فاشیستییەکاندا لە ئارادا نین. لە دژی دەسەڵاتی هەنووکەیی پێکهاتوو لە دەوڵەت – پارت – سەرمایە، تەنیا "کارکردی هوشیارانەی تێکڕای جەماوەر" بەرهەمی دەبێ. تا کاتێک کە ئەو جەماوەرە "ناهوشیارە" مابێت، تا کاتێک کە پێویستی بە "مێشکی" پارتی هەبێ، ئەم جەماوەرە بێتوانا دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی کە ئەو "مێشکە" پەرە ناسێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵگەیەک بۆ نائومێدی لە ئارادا نییە. دەتوانین پرسیارێکی‌تر بخەینەڕوو: ئەو "هوشیاری"یە چییە کە بڕیارە پارتەکان بیبەنە ناو کارگەران؟ ئەو " هوشیاری"یە چییە کە خوازیاری پشتیوانی جەماوەرە لە "مێشکێکی" جیاکراوە - پارت- ؟ ئایا ئەو جۆرە هوشیارییە کە ئێمە لە پارتەکاندا بەدەستی دێنین واقیعەن بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە پێویستە؟ ئەوەی تا ئێستاکە بۆ جەماوەر و پێداویستییەکانیان واقیعەن مەترسیدار بووە، بە وردی ئەو "هوشیاری"یەیە کە لە ڕێکخستنە پارتییەکاندا باڵادەستە. "هوشیارییەک" کە میتلاند باسی لێوەدەکات، ئاوا لە کرداردا بە ئەزموون دەرکەوت، هیچ پەیوەندییەکی بە "هوشیارییەکەوە" نییە کە پێداویستی شۆڕشکردنە دژی ئەم سیستەمە و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی نوێ. لەدەستدانی ئەو جۆرە هوشیارییە کە لەڕێگەی پارتەکانەوە پەروەردە دەکرێ، لەپەیوەند بە پێداویستییە کردەیییەکانی چینی کارگەرەوە هیچ جۆرە لەدەستدانێک نییە.

کاری کارگەران لە بنەڕەتدا کارێکی سادەیە. ئەم ناسینە دەگرێتەوە کە تەواوی گروپە فەرمانڕەواکانی پێشتر و ئێستا، بەریان لە پەرەسەندنی واقیعی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کۆمەڵایەتی گرتووە؛ لە ناسینی پێداویستی ئازادبوون لەشێوەی بەرهەمهێنان و دابەشکاری دیاریکراو لەلایەن پێداویستییەکانی قازانج و دەسەڵاتی گروپە تایبەتەکانی کۆمەڵەوە کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەرچاوەکانی‌تری دەسەڵات کۆنترۆڵ دەکەن. بەرهەمهێنان دەبێت ئاوا گۆڕانی بەسەردا بێت کە خزمەت بە پێداویستییەکانی خەڵک بکات، دەبێت بەرهەمهێنانێک بێت بۆ بەکارهێنان. کاتێک کە ئەم شتانە ناسران، دەبێت کارگەران بیانخەنەگەر تاوەکو کردەیی بە پێداویستی و خۆزگەکانی خۆیان ببەخشن. کەمێک فەلسەفە، کۆمەڵناسی، ئابوری و زانستی سیاسی بۆ ناسینی ئەو شتە سادانە و کردەیی کردنی ناسین، پێویستە. خەباتی چینایەتی واقیعی، لێرەدا یەکلاکەرەوە و دیاریکەر دەبێت. بەڵام لە بواری کاری شۆڕشگێڕانە و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کەمایەتی "هوشیار" زانیاری فرەتری نییە لەزۆرایەتی "ناهوشیار". بەڵکو پێچەوانەکەی دروستە. ئەمە لە گشت خەباتە شۆڕشگێڕانە واقیعییەکاندا سەلمێندراوە. سەرەڕای ئەوە، هەر ڕێکخستنێکی کارخانەیی، باشتر لە هەر پارتێکی دەرەکی توانای ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی هەیە[1]. لە دونیادا بە ڕادەی پێویست شارەزایی ناپارتی بۆ هاوئاهەنگی بەرهەمهێنان و دابەشکاری کۆمەڵایەتی، بەبێ یارمەتی یا خۆتێهەڵقورتاندنی پارتە شارەزاکانی بواری ئایدیۆلۆژی، لەئارادا هەیە. پارت توخمێکی دەرەکییە لە

بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، ڕێک بەوجۆرەی کە چینی سەرمایەدار لە پەیوەند بە دوو شتی پێویست بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی کۆمەڵایەتی: کار و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، هۆکاری سێیەم پێویست نییە. ئەم واقیعیەتە کە پارتەکان لە خەباتی چینایەتیدا بەشداری دەکەن، نیشاندەری ئەوەیە کە ئەو خەباتە چینایەتییە بەرەو ئامانجی سۆشیالیستی ئاراستە وەرناگرێ. دواجار سۆشیالیزم هیچ تێگەیشتنێکی زیاتر لە وەلانانی هۆکاری سێیەم کە لەنێوان ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کاردا وەستاوە، هەڵناگرێ. "هوشیاری" پەرەپێدراو لەڕێگەی پارتەکانەوە، "هوشیاری" گروپە بەهرەکێشەکانە کە بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیدا خەبات دەکەن. گەر پاگەندەی "هوشیاری سۆشیالیستی" دەکەن، پێش هەموو شتێک دەبێت دەرکی پارت و خودی پارتەکان لەناوبەرن.

"هوشیاری" بۆ شۆڕشکردن دژی کۆمەڵگە و ئاڵوگۆڕپێدانی، نەک بە "پاگەندەی" کەمایەتی هوشیار، بەڵکو بە بڵاوکردنەوەی واقیعی و ڕاستەوخۆی ڕوداوەکان پەرەدەسێنێ. هەرج و مەرجی ڕوو لە گەشەی کۆمەڵگە، ژیانی ئاسایی جەماوەری بەرینی خستۆتە مەترسیو ئایدیۆلۆژییەکانی ئەوان ئاڵوگۆڕ پێدەدات. تا کاتێک کە کەمایەتییەکان وەک گروپی جیاواکراوە لەناو جەماوەردا کار بکەن، جەماوەر شۆڕشگێڕ نییە. بەڵام کەمایەتیش شۆڕشگێڕ نییە. هێشتاکە "دەرکی شۆڕشگێڕانە"ی تەنیا دەتوانێت خزمەت بە کارکردە سەرمایەدارییەکان بکات. گەر جەماوەر ببێتە شۆڕشگێڕ، جیایی نێوان کەمایەتی هوشیار و زۆرایەتی ناهوشیار، هەروەها کارکردی سەرمایەدارانەی بە ڕواڵەت "هوشیاری شۆڕشگێڕانە"ی کەمایەتی لەنێودەچێت. جیایی نێوان کەمایەتی هوشیار و زۆرایەتی ناهوشیار بۆخۆی وتەیەکی مێژووییە، کە بە هەمان ڕێکخستنی جیایی نێوان کارگەران و لێپرسراوانە.

ڕێک بەوجۆرەی کە جیاوازی نێوان کارگەران و لێپرسراوان لەدوای هەلومەرجی قەیراناوی بێچارەسەر بەرەو لەناوچوون دەچێت، لە پەیوەند بەو داهاتووە هاوئاستی کۆمەڵایەتی دەڕواتە پێشەوە، جیایی نێوان کەمایەتی هوشیار و جەماوەری ناهوشیاریش لەنێو دەچێت. لەوێ کە لەنێو ناچێت، کۆمەڵگەیەکی فاشیستی دەبێت.

"پەیوەستاندن" دەتوانێت تەنیا بەواتای یارمەتی بە لەنێوبردنی هەڵاوێری نێوان کەمایەتی هوشیار و زۆرینەی ناهوشیار بێ. لەنێو چینەکان و کۆمەڵگەدا، جیاوازییەکان لەنێو خاڵکدا دەمێننەوە. هەندێک لە هەندێک بە وزەتر دەبن، هەندیک زیرەکتر لەوانی تر و هیتر. دابەشکاری دەمێنێتەوە. ئەوەی کە ئەم جیاوازییە واقیعیانە لەنێو جیاوازییەکانی کار و سەرمایەدا، لەنێو جیاوازییەکانی نێوان پارت و جەماوەر بوونە بەستەڵەک، تەنیا لەڕێگەی پەیوەندییە تایبەتییەکانی بەرهەمهێنانی مەرجکراوی مێژوو، لەڕێگەی شێوە بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوەیە. بۆ ئەوەی کە لە تواناداد هەبێت سەرمایەداری کۆتایی پێبێت، ئەم هەڵاوێرییە پەیوەستە بە چالاکی کۆمەڵایەتی دەبێت کۆتایی پێبێت. گەر کەسێک "پەیوەستدان" بە پێویست دەبینێت، دەبێت بە شێوازێکی تەواو جیاواز لە شێوازی میتلاند خۆی لەم پرسە بدات. "پەیوەستدان" نابێت لەسەرەوەڕا بۆ خوارەوە ئەنجام بدرێت – لەو جێیەوەی کە پارت هوشیاری دەباتە ناو جەماوەر- بەڵکو دەبێت لە خوارەوەرا بۆ سەرەوە ئەنجام بدرێت، لەو جێیەوەی کە چین تەواوی وزەی و لێهاتوویی بۆ خۆی دەپارێزێ و وەلانەکەوێ و بەمجۆرە لە ڕێکخستنە جیاکاندا سودی لێوەردەگرێ.

بەرهەمهێنان کارێکی کۆمەڵایەتییە. تەواوی خەڵک، هەرئەوەی کە هەن یا هەرچی ئەنجامدەدەن، لە کۆمەڵگەیەکی کۆمەڵ دیاریکراودا، بە یەکسانی گرنگ دەبێت. پەیوەستدانی واقیعییانە پێویستە، نەک "پەیوەستدانی ئایدیۆلۆژیانە" لە ڕێگەی پەیوەندی سونەتی پارت – جەماوەرەوە. بەڵام ئەم پەیوەستدانە واقیعییە، هاوپشتییەکی مرۆیی کە بۆ کۆتاییهێنان بە

بەدبەختی جیهان پێویستە، دەبێت لە ئێستاوە بپەروەرێنرێت. ئەوە دەتوانێت تەنیا لەڕێگەی لەناوبردنی ئەو هێزانەی کە دژی کاردەکەن پەرەبسێنێت. بەهاوپشتی چینایەتی و کاری چینایەتی، بەڵکو تەنیا بەدژایەتی بەرژەوەندی گروپ و پارتەکان دەتوانێت بەرەو سەرەوە هەڵکشێت .

(ئۆگوست – سێپتەمبەری ١٩٤١)

* council Correspondence ئەم بڵاوکراوە بە سەرنوسەری پائل ماتیک لە ساڵانی ١٩٣٠دا لە ئەمریکا دەردەچوو.

** Anti- Parliamentary Communist Federation-APCF " فیدراسیۆنی کۆمونیستی دژە پارلەمانتاری" گروپێک بوو کە لە ساڵی ١٩٢١دا بە بزوتنەوەی " قسەکەرانی کارخانە" لە بریتانیا پێکهات و بڵاوکراوەیەکی بەناوی "کۆمۆن" و پاش ساڵی ١٩٣٨ بڵاوکراوەی "Solidarity " هاوپشتی دەردەکرد.

(١) بڕواننە ئەزمونی کارخانەکانی زانۆن و بروکمان لە ئەرژەنتین و ڕۆڵی چەپەکان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەی سەرەوەیە. (و.کوردی)

ئەم وتارە لە سایتی کاوشگر وەرگیراوە